## دیدەنی

بیستم بۆ هەواری چۆلم بەنیازی بێیتە دیدەنی .
هێشتا نەهاتووی دل و چاو گشت گیانم بووە خەنی .
دل مات و بێ دەنگە چاوی بڕیوەتە هەردوو چاوم .
بلێ هاکا هات وەدەرکەوت بینایی هەدوو چاوم .
هەموو گیانم بووە بە گوێ بۆ بیستنی چرپەیەکت .
بیر ئالۆزە نازانێ چی بکاتە قوربانی هەناسەیەکت .
زمان لاڵە چاوەڕێ ناکا بدوێتن لەگەل یاری کۆنی .
نازانێ چی بلێ لەگەل یەکەم ووشەی چاك و چۆنی .
نازانێ زمان خۆ بەچی ووشەیە بدوێ لەدەربرینا .
زۆرە ترسێ چاوم ڕێگەی پێ نەدا لەبەر گرینا .
سەردانیشم نەکەی هەر نزیك هەوارم ڕێت کەوێ .
لەسەرم چاو لەسینە دل مژدانەیە چاوم پێت کەوێ .

## نامە

نــامەت نــاردبــوو مــنیــش خــستمــە سەر ئەم چاوانە .

هــەرکــە کــردمــەوە نوسی بووت ســڵاو ئــەمرۆ ژوانــە .

هــەرچــی لــەدەورەم بــوو هــەمــووی مــات و کــڕ بوو .

نەمدەزانی چۆن بڕواکەم لە خۆشیا گشت گیانم سڕ بوو .

هــەرنــاڕوات هاکا لــەگەڵ کــاتــژمێرەکەم کردمە شەڕ .

دەڵــێ ی نــازانێ مــن لــەگــەڵ کــێ شەو دەبەمە سەر .

ئــەی کــەخۆشە هــەموو شــەوێ دابنیشیت بــەرامبەرم .

حاشابێ لە ڕۆژ ئەگەر هــەموو شەو ئاوای بەسەر بــەرم .

گەر ئاوای بەرێ کەم شەوانم هەزار جار خۆشی لەخۆم .

دڕۆدەکــەم گولم لــەهەر جێ یەك بلێم من خەم دەخۆم .

# سەر خەو

کەتۆ خۆشەویستم بووی ئەم ووت دڵم قەد پیر نابێ .
لەوەتەی بەجێت هێشتووم دڵمە گڕی بەکەس گیر نابێ

جا چاوەروانتم وەکو جاران ئاخۆ کەی دلت نەرم ئەبێ.
ئاخر بەیەك جەستە کوا ژووری سارد گەرم ئەبێ .

پێم ناڵێ ی ئەم دوورییەت تاکەی وەرە تەنیایی بنێژە .
وەرە خۆ چاك دەزانی ژوورەکەم ساردە و شەویش درێژە

میوانم بە نەك تابەیانی گەر تانیوە شەویش بێ.
سەربەرانت خۆشە هەر بۆ یەك سەر خەویش بێ .

TM

TM

™

**لێدوان عبدالله**
Ledwan05@yahoo.com
Ledwan05@hotmail.com

™